# دڕێغا منداڵانی وڵاتەکەم هەردەم لە شادی بێبەشن



چنار نامق

منداڵ ئەو بوونەوەرە هەستیارەیە کە بەبێ ویستی خۆی دێتە بوونەوە و بەبێ ویستی خۆی لەدایک دەبێت، ئەوەی جێی داخە کە بەبێ ویستی خۆشی دەژیت و ڕۆژگارە تەماوییەکان دەباتە سەر، ئەو ڕۆژانەی گاهێک چارەنووس بڕیاری لەسەر دەدا و گاهێک کۆمەڵگە وگاهێکی دی دایە و بابە، هۆی سەرەکی هێنانە بوونی منداڵ لای دایک و باب بەرژەوەندی خودییە ئەوان بۆ ئەوە منداڵ دەهێننە نێو ژیانەوە تاکو ژیانیانی پێ بڕازێننەوە وخەڵکی بڵێت ئەوەندە کوڕ وکچەی هەیە، یاخود لەئاخری پیری دەستیان بگرێ و بەخێویانکات.

ئیدی چارەنووس وجۆری ژیان و شێوازی پەروەردەکردن و باری دەروونی ئەو منداڵەیان بەلاوە هێندە گرنگ نییە و هیچ کات کار بۆ پرۆسەی بنیادنانی کەسایەتی منداڵ و پرۆسەی ڕۆشنبیرکردن و فیرکردنی بە شێوازێکی ڕاست ودروست ناکەن.

ئەوەی جێی داخە لە وڵاتی ئێمەدا کەس خۆی بە بەرپرسیار نازانێت لە پرۆژەیەک کە تێیدا سوودمەند نەبێت و پاشان هەموو خەتاکەش دەگەڕێنینەوە ودەیخەنە ئەستۆی دەسەڵات، دەکرێت شارەزایان و پسپۆڕان و خێزان لە نێو کۆمەڵگەدا ڕۆڵێکی ئەکتیڤ بگێرن بۆ دانانی سیستەمێکی پەروەردەیی و درووستکردنی پرۆژەی تایبەت بۆ دابینکردنی ژیان و درووستکردنی کەسایەتی منداڵ وگومان لەوە دانییە هەر پرۆژەیەکی سەرکەوتوو هەبێت ئەودەم حکوومەت بە خۆشحاڵییەوە پێشوازی لێدەکات و پشتگیری لێدەکات، بەڵام بەداخەوە وا دیارە ئەمڕۆ مرۆڤ بەگشتی هێندە سەرقاڵ و وابەستەی خۆ ویستی و بەرژەوەندی تایبەتی خۆیەتی هێندە سەرقاڵی کێشە مرۆییەکان نییە.

وا دیارە ساڵانە کردوومانە بە نەرێت بە قسەی نەستەق و بە مانشێتی گەورە یادی ڕۆژی جیهانی منداڵان بکەینەوە و لە بواری پراکتیکیدا کارێکی دڵخۆشکەرمان نییە کە دەروونی منداڵە بێ سەرپەرشت و کەمدەرامەتەکانی ئەم شارە ئاسوودە کات، پێویستە نەخشەو پلانی داڕێژراومان هەبێت بۆ بنبڕکردنی کێشەی منداڵان چونکە منداڵ لەتەمەنی منداڵیدا وەکو توتییە چی فێرکەیت ئەوە دەڵێتەوە، زۆر جار کوڕە تاقانەکەم لێم دەپرسێت دایە بۆچی منت هێنا ژیان خۆش نییە، ئەمە لەکاتێکدا هەموو خواست و ویستە مادییەکانی دابینکراوە وهێندەی پێنج منداڵ خەرج دەکات لەگەڵ ئەوەشدا وا دیارە بۆشاییەک هەیە لە نەستی منداڵدا، کەوا دەکات ئەو پرسیارە بکات، ئیدی دەشێ من چی بەو منداڵە بێنازانە بڵێم کە ڕۆژانە لە ترافیکەکان کلێنکس و بنێشت دەفرۆشن و چارەنووسیان نادیارە وڕەنگە لەهەر ساتێکدا بکەونە ژێر ماشینێکەوە و بە چرکەیەک بێبەریبن لە ژیان، یاخود چی بەو منداڵانە بڵێم کە دایکیان نییە و لە بەردەستی ژنە بابیانن و جەستەیان شوێنی داخ کردن و ئەشکەنجە دانی پێوەدیارە.

دیارە ئەمڕۆ بەکارهێنانی منداڵ لەلایەن خێزانیشەوە وەکو بەکارهێنانی ئامێرێکی کارەبایی لێهاتووە و ئەوەی حسابی بۆ ناکرێت خواست و ویستو ئارەزووی منداڵانەیەتی هەر بۆیە گەنجەکانیشمان چاوەکانیان لە جێی خەندە ئەشک وحەسرەتی لێدەڕژێ، سەیر نییە کەزەلامێکی گەورە ببینی حەز بە یاری منداڵانە وحەز بە دیلانی بکات ئاخر ڕەنگە ئەو مرۆڤە لەکاتی منداڵیدا بە خەونیش دیلانێی نەکردبێت و ئەو مەئیوسییەی لەڕۆژانی منداڵیدا دووچاری بۆتەوە، لە نێو ناخ ودەرونیدا ڕەنگی داوەتەوە، بۆیە گەر بێت و لە خۆمان ورد بینەوە دەبینین خاوەن دەروونێکی ئاڵۆز ونائارمین بگرە زۆر جار خودی خۆمانیش لەخۆمان تێناگەین، دەکرێت پسپۆڕان لە بواری منداڵ ئەرکی خۆیان بزانن و کار و پرۆژەی درووستیان هەبێت بۆ چاکتر کردنی بارودۆخی منداڵ بێگومان کارێکی نامرۆڤانەیە کە بێدەنگ بین لەکارکردنی منداڵێکی تەمەن(٥)ساڵ و چونە دەرەوەی بۆ ناو بازاڕ و تێکەڵبوونی بە خەڵکی چونکە زیانی گەورەی لێدەکەوێتەوە وئەوەش دەبێتە هۆی تێکچوونی باری سایکولۆژی منداڵ و کاردانەوەیەکی نێگەتیڤ دەکاتە سەر کۆمەڵگە، منداڵ لە کاتی کارکردندا لە دەرەوە کێ دەزانێ دووچاری چی دەبێتەوە بەو پێیەی مرۆڤێکی سادە و بێدەسەڵاتە و ناتوانێ داکۆکی لە خۆی بکات بەرامبەر بە هەر جۆرە ڕووداوێک کەڕووبەڕووی دەبێتەوە و پاشانیش ناوێرێت ڕاستگۆ بێت لەگەڵ سەرپەرشتیارانی خۆی وگێڕانەوەی کێشەکانی ناچار پەنا دەباتە بەر درۆکردن وشاردنەوەی ڕاستییەکان، من لێرەدا نازانم بە کام منداڵانە بڵێم ڕۆژی جیهانی منداڵانتان پیرۆز لە کاتێدا ئەم یادە بۆ چینێک دەکرێتەوە و ئەوانی دی لێی بێبەشن، چینێک خەڵات دەکرێت و چینێکی دی بۆ ساتێکی شادی چاوی حەسرەتبارە، ئەی خودای من کەینێ منداڵانی وڵاتەکەم یەکسان دەبن و هەموو پێکەوە بەشدار دەبن لە ماف و ئاهەنگ وشادی.